# پشتگیری کلتوری

ئەنجوومەنی کلتوری یۆتۆبۆری دەڵێت: پێویستە ژیانی کلتوری لە یۆتوبۆری فرەلایەنە بێت و لە ڕووی چۆنایەتیەوە ئاستێکی بەرزی هەبێت .جا بۆیە پشتگیری ئابوری لە ئارادایە بۆ چەندین چالاکی و پرۆژە کە بایەخێکی هونەری و سیاسەتی کلتوری هەیە .لە پلەی یەکەمدا ئەو چالاکی و پرۆژانەی کە .ئاراستەی خەڵکانی یۆتۆبۆری دەکرێن، دەتوانن پارە لە ئەنجوومەنی کلتوری وەرگرن
پرۆژەی هونەری، نمایش کردن، کۆنسێرت یان فێسیڤاڵ دەتوانن پشتگیری بەدەست بهێنن .هونەرمەندان تەنانەت دەتوانن داخوازی (مەنحە )ستیپێندیەم stipendium یان پشتگیری ستۆدیۆش ateljéstöd بکەن.
.بۆ نووسەر ستیپێندیەمی تایبەتی لە ئارادایە
لێرەدا زانیاری و ڕێساکان بە سویدی بۆ هەموو جۆرە پشتگیریەکی کلتوری دەست دەکەون:
www.goteborg.se/kulturstod
داخوازیکردنی پشتگیری کلتوری لە ڕێگای خزمەتی ئەلکترونی e-tjänst .لە وێبسایتەکەوە دەکرێت
دەتوانیت پرسیار بە سویدی یان بە ئینگلیزی بە ئیمەیڵ بنێریت .ئەدرێسی ئیمەیڵ:
kulturstod@kultur.goteborg.se.

www.facebook.com/goteborgkulturstod
ئەدرێسی پۆست:
Kulturstöd, Göteborgs Stads kulturförvaltning, Östra Hamngatan 16, 411 09, 411 14 Göteborg

==============================================================

## پشتگیری چالاکیەکان

ئەوە بەزۆری گروپە ئازادە جێگیرەکان و چالاکیە کلتوریەکانن کە دەتوانن پشتگیری چالاکیەکان بەدەست .بهێنن .پشتگیریەکان بۆ ماوەی ساڵێک یان سێ ساڵ پەسەند دەکرێن
ئەوانەی پشتگیری چالاکیەکانیان بۆ پەسەند دەکرێ لە یۆتۆبۆری کاری هونەری درێژخایەن ئەنجامدەدەن .دەبێت چالاکیەکانیان لە ڕووی چۆنایەتیەوە ئاستێکی بەرزی هەبێت وە بەتەنگ ئەو گروپە خەڵکانەی خۆیانەوەبن کە کاریان بۆ دەکەن .دەکرێت پشتگیری بەو چالاکیە کلتوریانەش بدرێت .کەوا مەزندەدەکرێن بە تایبەت بۆ سیاسەتی کلتوری لە شارەوانی یۆتۆبۆریدا پرمانان
ئەمە دەخوات:
پشتگیری تەنها دەدرێت بەو لایەنانەی بەشێوەیەکی پرۆفیشیونالانەی وا کارەکانیان ئەنجامدەدەن کە دەبنە ناوەندێکی سەرچاوەیی بۆ بوارێکی هونەری .لە باری ئاساییدا چالاکیەکان ساڵێکی تەواو .دەگرنەوە

## پشتگیری بۆ پرۆژەکان

.پشتگیری بۆ پرۆژەکان برێکی جێگیر نیەو دووجار لە ساڵەکەدا دابەش دەکرێ
.لە یۆتۆبۆری داخوازی پشتگیری بۆ ئەو پرۆژانە بکە کە بایەخێکی هونەری یان سیاسەتی کلتوریان هەیە
ئەمە دەخوات:
دەتوانریت داخوازی پشتگیریەکە بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری بکرێت کە پلان دانان، ئامادەکاری و جێبەجێکردن هەروەها نیشاندان بۆ خەڵک لەخۆگرێت، بۆ نموونە پیشانگا، نمایشکردن یان کۆنسێرت لە .یۆتۆبۆری .دەبێت پرۆژەکە لە چوارچێوەی ئەو ماوەیەی بۆی دیاری کراوە جێبەجێکرێت و تەواوکرێت ،تەنها ڕێکخراوەکان دەتوانن پشتگیری بۆ پرۆژە وەرگرن .مەبەست لە ڕێکخراو کۆمەڵەی نموونەیی .ئابوری، سازمان، کۆمپانیای تاکەکس یان کۆمپانیایە

## پشتگیریە پرۆژەی پرۆنتۆ Pronto

کرۆن بدات پشتگیریە پرۆژەی پرۆنتۆ ساڵانە چوار جار دابەش دەکرێت و دەکرێت دوا ئاست بری 40 000

.به پرۆژەکە
پشتگیریە پرۆژەی پرۆنتۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەیە کە لە یۆتۆبۆری ماوەیەکی کورت دەخایەنن و بایەخێکی هونەری و سیاسەتی کلتوریان هەیە.
ئەمە دەخوات:
دەتوانرێت داخوازی پشتگیریەکە بکرێت بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری کە پلان دانان، ئامادەکاری و جێبەجێکردن هەروەها نیشاندانیش بۆ خەڵک لەخۆگرێت، بۆ نموونە پیشانگا، نمایشکردن یان کۆنسێرت لە یۆتۆبۆری .دەبێت پرۆژەکە لە چوارچێوەی ئەو ماوەیەی کە بۆی دیاریکراوە جێبەجێکرێت و تەواوکرێت.
تەنها ڕێکخراوەکان دەتوانن پشتگیری بۆ پرۆژە وەرگرن .مەبەست لە ڕێکخراوە کۆمەڵەی نموونەیی، ئابوری، سازمان، کۆمپانیای تاکەکس یان کۆمپانیایە.

## پشتگیری پەرەسەندن (Utvecklingsstöd)

پشتگیری پەرەسەندن هیچ بڕەپارەیەکی دیاریکراوبۆ تەرخان نەکراوە و ساڵانە جارێک یان دوو جار دابەش دەکرێت.

دەتوانرێت داوای پشتگیری پەرەسەندن بۆ ئەو پرۆژانە بکرێت کە کاری هونەری دەبزوێنێت یان پەرە بە کاری کەلتوری دەدات و دەبنە مایەی خوڵقاندن یان گۆڕانکاریەکی ڕێکوپێک و بەرنامەدار.

ئەم شتانە دەگرێتەوە:

دەتوانرێت پشتگیریەکە پەسەند کرێت بۆ هەموو ئەو کارانەی شێوەبەخشن وەک بۆ نموونە تیشکخستنە سەر پەرەسەندنی مێتۆد، شێوە، ستراتیج، گەشەدان بە تواناسازی، چەمک یان شتگەلێک لەو شێوانە.

پشتگیری پەرەسەندن باسدەکرێت و دەخرێتە بەردەم کارگێریەکە بەڵام هیچ داوایەک لەسەر ئەوە نیە بخرێتە بەردەم تەماشاکەران.

ئەوە تەنها ڕیکخراوەکانن کە دەتوانن پشتگیری پرۆژە بەدەست بهێنن. مەبەست لە ڕێکخراو کۆمەڵەیەکی نموونەیی یان کۆمەڵەی ئابوری، دامەزراوەیەک ، کۆمپانیای تاکەکس یان جۆرێکی تر لە کۆمپانیایە.

## پشتگیری ستۆدیۆ Ateljéstöd

پشتگیری ستۆدیۆ ساڵی جارێک دەدرێت .بڕەکە بەسەر هونەرمەندە پەسەندکراوەکاندا وەک یەک دابەش دەکرێت.
داخوازی پشتگیری ستۆدیۆ بکە بۆ یارمەتی کرێ ی ستۆدیۆ بۆ ئەنجامدانی چالاکی هونەری پرۆفیشنەڵانە لە یۆتۆبۆری.
ئەمە دەخوات:
داخوازیکار پێویستە لانی کەم سێ ساڵ خوێندنی زانکۆی خوێندبێت لە بواری هونەر، هونەری ئیشی دەست یان وێنەگرتن وە دەبێت ئەوپەڕی سێ ساڵ بەر لە داخوازیکردنەکەی خوێندنەکەی تەواوی کردبێت. پشتگیریەکە دەتوانرێت بدرێت بە تویەک کە لانی کەم سێ ساڵ شارەزایی تۆمارکراوت هەبێت لە بواری پیشانگای جیاوازدا لە ساڵۆنی پیشانگای جیدی دا، ستیپێندیەمی کاری لە لایەن ئەنجوومەنی هونەرمەندانەوە پێدرابێت یان بە ئاشکرا بۆ کارێکی هونەری نرخێنرابێت. پشتگیریەکە کەسی یەو باجی لەسەر وەردەگیرێت.

## پارەیەکی خێرا (En snabb slant)

کرۆندایە و بە بەردەوامی کاتی داخوازیکردنی لە ئارادایە .ستیپێندیەمەکە لە نێوان 2000 بۆ 20 000 ساڵدایە و پرۆژەیەکی کلتوری لە - داخوازی ستیپێندیەمێکی خێرا بکە ئەگەر تەمەنت لە نێوان 18 25 یۆتۆبۆری دەبەیت بەڕێوە.
ئەمە دەخوات:
ساڵدا بێت .- دەبێت ناوت لە تۆمارگەی دانیشتواندا لە یۆتۆبۆری نوسرابێت .تەمەنت لە نێوان 18 25

سێ مانگ بەر لە جێبەجێکردنی پرۆژە کلتوریەکە داخوازیەکەت دانابێت .پێویستە پرۆژە کلتوریەکە ئاشکرا نیشانی خەڵک بدرێت.
تکایە پەیوەندی بە ئێمەوە لە پشتگیری کلتوری بکە بۆ مشتومڕکردن لەسەر ئەو دەرفەتانەی بۆ پرۆژەکەت لە ئارادان.

## مەنحەی )ستیپێندیەمی نووسەر(

کرۆنی لە ئەنجوومەنی کلتوری یۆتۆبۆری وەرگرێت .دەکرێت نووسەر ستیپێندیەمێکی تایبەتی 50 000 تکایە داخوازی ستیپێندیەمی نووسەر بکە ئەگەر تۆ ڕۆمانی سویدی، کورتە چیرۆک، دراما، هۆنراوە و زنجیرە دەنوسیت یان کاری ئەدەبی وەردەگێریت .پێویستە تۆ لانی کەم کارێکی ئەدەبیت نوسیبێت یان کتێبێکی ئەدەبیت لەم پێنج ساڵەی دووایدا وەرگێرابێت.
بۆ درامانووس پێویستە کارێکی نوسیبێت یان لانی کەم دوو کاری وەرگێرابێت کە یان ئەنجامدرابێت یان بە هۆی بۆنەیەکی پرۆفیشناڵانەوە ڕەوانەکرابێت لەم پێنج ساڵەی دووایدا.
ئەمە دەخوات:
دەبێت ناوت لە یۆتۆبۆری لە تۆمارگەی دانیشتواندا نوسرابێت و لە بواری هونەریدا چالاک بیت .دەبێت خوێندنێکی هونەریت خوێندبێت یان چالاکی هونەری تۆمارکراو و پرۆفیشوناڵ بەریت بەڕێوە کە لە ڕووی چۆنایەتیەوە ئاستێکی بەرزی هەبێت لانی کەم سێ ساڵ .چالاکی هونەری تۆمارکراو واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت کۆمەڵە چالاکیەکت هەبێت/ هەبووبێت کە هەڵسەنگێنراو، گرێبەست لەسەرکراو یان لە بۆنەی جیاوازی هونەریدا نوێنەرێتی کراو بێت.

## مەنحەی )ستیپێندیەمی کلتوری(

کرۆن یەک جار لە ساڵێکدا دەدات .ستیپێندیەمی کلتوری شارەوانی یۆتۆبۆری بری 30 000 تکایە داخوازی ستیپێندیەمی کلتوری بکە ئەگەر یاریدەی ژیانی کلتوری یۆتۆبۆریت داوە.
ئەمە دەخوات:
دەبێت ناوت لە یۆتۆبۆری لە تۆمارگەی دانیشتواندا نوسرابێت و لە بواری هونەریدا چالاک بیت .دەبێت خوێندنێکی هونەریت خوێندبێت یان چالاکی هونەری تۆمارکراو و پرۆفیشوناڵ بەریت بەڕێوە کە لە ڕووی چۆنایەتیەوە ئاستێکی بەرزی هەبێت لانی کەم سێ ساڵ .چالاکی هونەری تۆمارکراو واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت کۆمەڵە چالاکیەکت هەبێت/ هەبووبێت کە هەڵسەنگێنراو، گرێبەست لەسەرکراو یان لە بۆنەی جیاوازی هونەریدا نوێنەرێتی کراو بێت.___

**کۆمەکی هاوتایی (Utjämningsbidrag) بۆ کاروباری کەلتور بۆ منداڵان و لاوان**

کۆمەکی هاوتایی دەتوانرێت لە میانەی ساڵەکەدا بە بەردەوامی داواکرێت و بۆ بەرهەمێک یان کارێک پەسەندکرێت لە شوێنێکی دیاریکراودا (١٠٠ کرۆن بۆ هەر منداڵێک کە سەردانی شوێنەکە دەکات لە حاڵەتێکدا لانی کەم بایی ٤٠ کرۆن بلیتی لێ فرۆشرابێت) یان ٥٠٪ی نرخی بەرهەمەکە فرۆشرابێت.

دەتوانن داوای پشتگیریەکە بکەن بۆ کارێکی هونەری، بەرهەمگەلێک و کۆمەڵە نمایشگەلێک لە شارەوانی یۆتۆبۆری (واتە لە بواری شارەوانیدا) و ئاراستەی ئەو منداڵ و لاوانە کرێت کە تەمەنیان لە نێوان سفر-١٩ ساڵاندایە.

ئەم شتانە دەگرێتەوە:

دەتوانرێت داوای پشتگیریەکە بکرێت لە ڕێگای پێناسەکردنی بەرهەمێکی ئامادەکراو یان کارێک کە لە داخوازینامەکەدایە.

ئەوە تەنها ڕێکخراوەکانن کە دەتوانن کۆمەکی هاوتایی بەدەست بهێنن. مەبەست لە ڕێکخراو کۆمەڵەیەکی نموونەیی یان کۆمەڵەی ئابوری، دامەزراوەیەک، کۆمپانیای تاکەکەس یان جۆرێکی تر لە کۆمپانیایە.